# پلانی گۆڕینی هەڵسوکەوت

بۆ نەهێشتنی خەتەنەکردنی مێینە لە هەرێمی کوردستانی عێراق

( **کۆمبی پلان** )

پرۆگرامێک بۆ ماوەی یەک ساڵ و نیو

٢٠١٩-٢٠٢٠

**ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بە هەماهەنگی لەگەڵ ئۆفیسی (UNFPA) لە هەرێمی کوردستان- عێراق**

چاپی یەکەم ٢٠١٩

| |
|---|
| پلانی گۆڕینی هەڵسوکەوت بۆ نەهێشتنی خەتەنەکردنی مێینە لە هەرێمی کوردستانی عێراق (کۆمبی پلان) ٢٠١٩-٢٠٢٠ |
| ئامادەکردنی: ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان |
| چاپی یەکەم ٢٠١٩ |
| تیراژ ١٠٠٠ دانە |
| چاپخانەی شەهاب – هەولێر |

**پاشخان:**

لێکـۆڵینەوە لە دیـاردەی خەتەنەکردنـی مێیـنە لەلایەن ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان لە ٢٠١٥ کەوتە بواری جێبەجێکردن، لە نێو ئەو دایکانەی کە قسەیان لەگەڵ کراوە، ٤٤,٨% گوتوویانە کە خۆیان خەتەنەکراون.

(٦٠% لە سـلێمانی و ٤٠% لە هەڵەبـجەو ٦٨% لە هەولێـر و ٧% لە دهـۆک)، لە کاتێکـدا تەنهـا ١٠,٧%ی کچەکانیان خەتەنەکراون (لە تەمەنی ٤-١٤ ساڵ). لە نێو ئەو کچانەی کە خەتەنەکراون لە تەمەنی ٤-١٤ ساڵ (١٧%)یان دەکەوێتە پارێزگای هەولێر، (١٢%) سلێمانی و (٤%) دهۆک و (١%) هەڵەبجە .

تەمەنی منداڵ بۆ خەتەنەکردن بەزۆری لە دەوروبەری ٥ سـاڵیدایەو پرۆسـەی خەتەنەکە بەشـێوەیەکی گشـتی لە ماڵەوە ئەنجام دەدرێت، ٦٥%ی ئەوانەی کە خەبەریان داوە خەتەنەکـراون لەلایەن مامـانەوە بـووە، کە هەنـدێکیان بەجۆریـک لە جۆرەکـان ڕێگەپێـدراون لەلایەن وەزارەتـی تەندروستییەوە بۆ ئەوەی یارمەتی ژنانی دوو گیان بدەن لەکاتی منداڵ بووندا.

کاتێک کە دایکان پرسیاریان لێکراوە سەبارەت بەوەی ویستوویانە کچەکانیان خەتەنە بکەن، تەنها ٤,٣% وتوویانە کە بەڕاسـتی ویسـتوویانە کچەکانیـان خەتەنەبـکەن، بەڵام ٥,٣% وتوویانە هیچ پلانێکیان نەبووە بۆ ئەو کارە. کەواتە

نزیکەی ١٠%ی دایکان کچەکانی خۆیان لەتەمەنی ٥ ساڵیدا خەتەنەکردووە.

بەپێی رووپێوەکە رێژەی خەتەنەکردنی مێینە زیاتر لە پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانییە، لەبەرئەوە پێویستە پلانی کۆمبی زیاتر جەخت بکاتەوە لەسەر هەردوو پارێزگای هەولێرو سلێمانی بۆ کارکردن و جێبەجێکردنی.

لەنێو ئەو کچانەی کە خەتەنە کراون، ٩٠%یان بە مووس خەتەنە کراون،(٧٥%)ی پرۆسەی خەتەنەکردن، لە ماڵی کچەکە ڕوویداوە، بەڵام (٢١,١%)ی کچەکان لەماڵی بکەرەکە خەتەنەکراون کە زۆرجار، ناسیاو یان خزمیان بووە.

ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان بەهەماهەنگی ئاژانسی (UNFPA)، پلانی کۆمبی داناوە بۆ قەناعەت پێکردنی دایکانی هەرێمی کوردستان تا کچانی خۆیان خەتەنە نەکەن .

لەم پلانە ١٨ مانگیەدا، داوا لە جەماوەرکراوە بۆ ئەوەی بەدەم ئەم هەڵمەتەوە بچن و هەرێمی کوردستان ڕزگاربکەن لەو هەڵسوکەوتە قێزەونە.

ئامانجی گشتی :

مسۆگەرکردنی مافەکانی کچ و پەرەپێدانیان بەبێ توندوتیژیی لەسەر بنەمای جێندەری و بەکارهێنانی هەڵسوکەوتی خراپ لە دژیاندا، وەکو خەتەنەکردن. هەروەها کەمکردنەوەی ڕێژەی خەتەنەکردنی کچان لە هەرێمی کوردستاندا.

**ئامانجی دیاریکراو :**

٢,١ لە ساڵێکدا ٧٥٠٠ دایک لە کۆی ژمارەی نزیکەیی دایکانی کوردستان ١٥٠٠٠ لە هەر ٣ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، پلانیان هەیە بۆ ئەوەی کچە خوار تەمەن ٥ساڵەکەیان خەتەنەبکەن لەلایەن مامانەکانەوە، یان لەلایەن خزمێکیانەوە، بەڵام ئێستا ڕەتی هەر جۆرە کارێکی وا دەکەنەوە لە دژی کچەکەیان. (ئەمە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی خەتەنەکردنی منداڵ لە ١٠% بۆ نزیکەی ٥%).

(تێبینی: وشەی "**بڕین**" لە زۆر شوێن لە تێکستە ئینگلیزیەکە بەکارهاتووە بە مانای **خەتەنەکردنی مێینە**، بەڵام لە کوردیەکە وشەی بڕین بەکارنایەت بۆ ئەو مەبەستە).

(تێبینیەکی تایبەت: زۆربەی هەرە زۆری کرداری خەتەنەکردنی مێینە لە هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی

ئەنجامـدەدرێت، بەڵام زۆر بە کەمـی لە دهـۆک و هەڵەبـجە هەیە بۆیە ئێمە وا هەست دەکەین کە ڕێژەی خەتەنەکردنی مێینە لە هەردوو پارێزگـای دهـۆک و هەڵەبـجە یەکسـان بە سفر دەبێت لە ١٢ مانگی داهاتوودا).

## ستراتیژیی

ستراتیژیەکی کاریگەر بۆ دەربازبوون لە خەتەنەکردنی مێینە پێویست بە شیکاری هەڵسوکەوتەکان دەکـات بـۆ ئەوەی تێبگەین بۆچی هەندێک دایک دەیانەوێت کچەکانیان خەتەنە بکەن، بەڵام زۆربەیان (%٩٠ی دایکان) نایانەوێت خەتەنەی کچەکانیان بکەن .

بەم تێگەیشتنەوە پلان دابڕێژین بۆ ئەوەی وا لە خانەوادەکان بکەین، بیر بکەنەوە لە خەتەنەکردنی کچەکانیان و هۆکاری لۆجیکی پێشکەش بکەین بۆ قەناعەت پێهێنانیان.

بۆ ئەو %١٠ کەمینەیەی کە دەیانەوێت کچەکانیان خەتەنە بکەن، هەندێکیان دەڵێن خەتەنەکردن بەشێکە لە کلتوور و عورفی پەسەندکراوی هەرێمی کوردستان. وەکو عادەتێکی ئاسایی و قبوڵکراو سەیردەکرێت لەنێوخانەوادە و خزمەکان. هەندێکی تریان وا دەزانن کە خەتەنەکردن سوونەتێکی ئایینی ئیسلامە. هەروەها وا سەیردەکەن کە بۆ پاراستنی شەرەفی منداڵ گرنگە. بەو مانایەی کە هەستی

سێکسی کەم دەکاتەوەو کچێنی زیاتر دەپارێزرێت و دووردەبێت لە هەڵسوکەتی سێکسی. بۆ هەندێکیان، پێش مەرجێکی گرنگی هاوسەرگیرییە، چونکە بۆچوونێکیان هەیە کە پیاوان کچی خەتەنە نەکراو ناخوازن.

هەندێکی تر وا هەست دەکەن کە کچی خەتەنە نەکراو بە کەسێکی نا خاوێن سەیر دەکرێت، وەکو دەستنوێژ هەڵگرتن وایە کە پاک دەبیتەوە بۆ نوێژکردن. واتە خەتەنە، کەسەکە پاک دەکاتەوە لەبەردەم خودا. هەروەها، چیرۆکی زۆر هەیە، دەڵێت ژنی خەتەنە نەکراو، خانەوادەکەی چێشتی دەستی ناخوات.

زۆربەی ئەو ژنانەی کە بە پرۆسەی خەتەنەکردن ڕۆیشتوون لە ڕابردوودا ئەوا ئیش و ئازار و دەرەنجامە تەندروستییە خراپەکانیان لەبیرکردووە، بەڵام لە میانەی سەردانی مەیدانی لەگەڵ خێزانەکان، ئەم دیاردەیە بەدیکرا کە ژنێک کچی یەکەمی خەتەنە کردووە، بەڵام بڕیاریداوە بۆ کچەکانی تری ئەم شتە نەکات. تەنانەت پەشیمانە لەوەی بۆ یەکەم کچی کردووە، چونکە ئازارێکی زۆری هەبووە لە کردارەکەداو ئێستا زۆر پەشیمانەو نایەوێت بۆ کچەکانی تری ئەنجامی بدات. کاتێک کە بەرنامەی تەلەفزیۆنی بینیووە، مامۆستای ئایینی ئیدانەی خەتەنەی کردووە ئێستا بڕیاریداوە، ئەو کارە دووبارە نەکاتەوە.

هەنــدێکی تــریش وا دەزانــن کە ئەو خــانەوادەیەی کە کچەکانیــان خەتەنە نەکــردووە بە کەم ســەیر دەکــرێن لە کۆمەڵگە و خەڵک بەکەم سەیری کچەکانیان دەکەن.

زۆربەی کــرداری خەتەنەکــردن لەلایەن هەنــدێ مامــان ئەنجامــــدەدرێت، کە لەلایەن وەزارەتـــی تەندروســـتیەوە ڕێگەپێــدراون. هەروەهــا هەنــدێک ژنـــی بەســاڵاچوو لە خــانەوادەکە ئەنجــامی دەدەن. خەتەنەکــردن واتە بڕینـــی بەشێک لە ئەندامی زاوزێ.

بڕیاردان دەربارەی خەتەنەکردنی کچ لە خێزانێکدا بۆ دایک و داپیری دەگەڕێتەوە. پیاوان زۆر تەداخول ناکەن چونکە ئەمە بەکاری ژنان دەزانن، پیاوان تەنها گرنگی بە خەتەنەکردنی کوڕەکان دەدەن و بە ئەرکی خۆیانی دەزانن.

چــونکە ڕۆڵــی پیــاو زۆر کــارگەرە لە کۆمەڵگــا و لە خێزانــدا، ئەگەر بڵێــت نابێــت خەتەنە بکرێــت ئەوا ناکرێــت. دایکان دەبێت ڕێزی بڕیاری باوکەکان بگرن. ئێستا، وادیارە باوکان هیچ قسەیەک ناکەن لەو بارەوە و لەوانەیە نەزانن کەی و لەکوێ ئەم کــارە لە دژی کچەکانیــان دەکرێــت. وا پێدەچێت کە دایکان بێ گەڕانەوە بۆ باوکان ئەم کارە ئەنجام دەدەن چونکە وادەزانن کە جۆرێک لە ڕازیبون هەیە لەلایەن باوکانەوە سەبارەت بە خەتەنە کردنی کچەکانیان.

هەمــوو ئەمــانە دەربــارەی کەمیــنەیەکن کە ڕێــژەکەی دەگــات بە ٩٠%. واتە، زۆربەی دایکــان ٩٠% کچەکانیــان خەتەنە ناکەن و بەکارێکی دروستی نازانن و بە بەشێک لە ئـــایینی پیـــرۆزی ئیســـلامی نـــازانن. کەواتە ئاراســـتە کۆمەڵایەتیەکە بەرەو خەتەنە نەکردنە، پیاوانیش حەزیان بە کچی خەتەنە نەکراوە، بۆ تێرکردنی غەریزە سێکسییەکانیان. زۆر چیرۆکی ناخۆشی ژیانی سێکسی ئەو ژنانەش هەیە، کە خەتەنەکراون .

حکـــــومەتی هەرێمـــــی کوردســـــتان یاســـــای بەرەنگــاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانــی دەکــردووە، کە لە مــاددەی شەشــەمی یاســاکە ئامــاژەدراوە بە قەدەغەکردنــی خەتەنەکردنی مێینەو، لەماوەی نێوان دەرچوونی یاساکە لە ٢٠١١ تاوەکو ٢٠١٩ ، چەندین سکاڵا تۆمارکراوە.

مامۆســـتایانی ئـــایینی ئێســـتا زیـــاتر بەکراوەیـــی ڕایانگەیاندووە کە خەتەنە بەشێک نیە لە ئیسلام، هەرچەندە هەندێکیان دەڵێن کە ئەم کردارە بە تەواوی قەدەغەکراو نیە لە ئیسلام، بەرنامەکانی تەلەفزیۆن کە میوانداری مامۆستا ئایینیەکان دەکەن و ئیدانەی خەتەنەکردن دەکەن پێدەچێت زۆرکاریگەریی هەبووبێت .

کەواتە چـــۆن وا بکەیـــن کە دایکـــان و باوکـــان دووربکەونەوە لە خەتەنە کردنی کچەکانیان. ئێمە هەندێک

پەیاممان ئامادە کرووە، کەوادەزانین یارمەتیدەر بێت لەو بوارە.

١. خەتەنەکردن واتە خراپ مامەڵەکردن لەگەل منداڵ و چەوساندنەوەو پێشێل کردنی مافەکانی.
٢. بیر دایکەکە بهێنرێتەوە (ئەگەر دایکەکە خەتەنەکرابێت) کە خەتەنەکردن زۆر بە ئازارەو کاریگەریی تەندروستی تێکدەریی هەیەو کاردەکاتە سەر پەیوەندی هاوسەرگیریی.
٣. ڕوون بکرێتەوە کە هیچ سوودێکی تەندروستی لە خەتەنەکردن نیە، بەڵکو زەرەرێکی تەندروستی گەورەی هەیە وەکو ئازارێکی زۆرو خوێنبەربوونی شوێنە هەستیارەکان و هەوکردن و لەرزو تاو کێشە تەندروستیەکانی تری ڕێڕەوی میزەڕۆ تا مردن.
٤. بۆ خانەوادەکە ڕوون بکرێتەوە کە کاریگەریە درێژخایەنەکانی خەتەنە چیە. کێشە تەندروستیەکانی ڕێڕەوی میزەڕۆ و هەوکردن و کێشە سێکسیەکان و کێشە سایکۆلۆجیەکان و هتد.
٥. خەتەنەکردن دەبێتە هۆی ناسەقامگیریی لە ژیانی هاوسەرگیریدا تا دەگاتە تەلاقدان، بەهۆی ئاسوودەنەبوون لە ژیانی هاوسەرگیریی و نەبوونی هەست و سۆزی هاوبەش.

٦. خەتەنەکـردن نایاسـاییە. حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان یاسـایەکی دەرکـردووەو خەتەنەی تێدا قەدەغە کـردووە. ئەوانەی کە ئەو تاوانە ئەنجام دەدەن بە تاوانبار هەژمار دەکرێن و ڕووبەڕووی سزا دەبنەوە. خەڵکیش هاندراون بۆ ئەوەی خەبەری حاڵەتی پێشبینیکراوی خەتەنە بدەن و لایەنی پەیوەندیدار ئاگاداربکەنەوە.

٧. خەتەنەکـردن کردارێکـی ئـایینی ئیسـلام، نـیە کە خـوای گەورە فەرمـانی پێکردبێـت. کەواتە لە ئـایینی پیـرۆزی ئیسلامدا، خەتەنەکردن جائیز نیەو پێچەوانەی ئەو بنەما ئـــاینیەیە، کە لە قورئـــان هەیە دەربـــارەی ئەزیەت نەگەیاندن بە منداڵ.

٨. خەتەنەکـردن لە دەوڵەتـی سـعودیە ئەنجـام نادرێـت کە شـوێنی لەدایـک بـوونی پێغەمـبەری ئیسـلامە (دروودی خوای لەسەر بێت)

٩. فەتـــوایەکی نـــوێ هەیە لە هەرێمـــی کوردســـتاندا، کە خەتەنەکردن بە کارێکی ئیسلامی دانانێت.

١٠. هەزاران کچـی خەتەنە نەکـراو هەیە ئێسـتا لە هەرێمـی کوردسـتان شـوویان کـردووە بەسـەرکەوتووی. ئەگەر دایکەکە وابزانێت کە کـچەکەی خەتەنە بکـات بۆ ئەوەی دەرفەتی شووکردنی هەبێت، بەهەڵەداچووە.

١١.ڕێــژەی ٩٠%ی دانیشــتوانی کوردســتان ئەو کــردارە ئەنجام نادەن ئەوەش مانای ئەوەیە کە زۆرینەی خەڵکی بەگشتی لەگەڵ ئەم کارە نیە.

١٢. شـەرەفی منداڵ بە هۆکاری باشتر دەپارێزرێت ئەگەر خــانەوادەکە بەدوای پاراســتنی شــەرەفی منــداڵەکەیانن، وەک پەروەردەیەکـــی بەهێـــز، نەوەک بە گۆڕانکـــاریی جەستەیی و فیزیکی وەک خەتەنەکردن .

١٣. خەتەنە کردن بریتیە لە داماڵین لە هەست و سۆز.

<u>ئەوەی کە دەبێـت جەختـی لێبکـرێتەوە پێـنج پەیـامی سەرەکیە:</u>

- خەتەنەکردن زیان بەخش و ئازار بەخشە.
- خەتەنە کردن پەیوەندی بە ئیسلامەوە نیە.
- خەتەنە کردن نایاساییە و دادگایکردنی لەسەرە.
- ٩٠%ی خەڵکی کوردستان ئەم کارە ناکەن، واتە زۆرینە لەگەڵی نیە.
- خەڵک دەتوانێت بە ئاسانی خەبەربدات لە ڕێگەی هۆتلاین و ناوی کەسەکان بە پۆلیس بدات.

# کرداره ستراتیژییەکانی پەیوەندیکردن

براند: ئێمە بڕاندی ئەو هەڵسوکەوتەمان کردووە و پێشنیازمان کردووە کە بریتی بێت لە: (#کچەکەت_خەتەنە_مەکە). ئەم پۆستەرەش دیزاینکراوە بۆ هەڵمەتی بانگەشە:



## ئامادەکاری کارگێری

ئەو فەرمانبەرە حکومییانەی، کە لە بەشی پەیوەندیەکان کاردەکەن، بەشداردەبن لە ڕێنماییەکانی ئێمەو هەڵمەتی نا بۆ خەتەنەکردن لە هەرێمی کوردستان و داوا لە گشت فەرمانبەران دەکەین کە دروشمی (#کچەکەت_خەتەنە_مەکە) بڵاوبکەنەوەو داکۆکی لێ بکەن لە نێو ماڵ و خزم و کۆمەڵگە بەگشتی.

## داکۆکیکردن بۆ کاریگەریی گۆڕینی هەڵسوکەوت

زنجیرەیەک لە ٣-٦ کۆبوونەوە ئەنجام بدرێت لە نێوان ئەنجوومەنی باڵای خانمان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەوەی چالاکی هەر وەزارەتێک دەستنیشان بکرێت بۆ گەیشتن بە ئاستی سفر لە خەتەنەکردنی مێینە.

### وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی:

گفتوگۆکان دەبێت بەو ئاراستەیە بێت:

١ -فەتوایەکی ڕوون دەربکرێت، کە خەتەنەکردنی مێینە پەیوەندی بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە نیە.

٢ -بەیاننامەیەک دەربچێت لە وەزارەتەوە بۆ ئەوەی هەموو مامۆستایانی ئایینی لە وتاری هەینی و بۆنەکانی تری ئایینیدا باسی بکەن، کە خەتەنەکردنی

مێینه پەیوەندی بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە نیەو نابیت دایکان و باوکان کچەکانیان خەتەنە بکەن.

٣ -وەکو ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و ئایینی، مامۆستایانی ئـــایینی پابەنـــدبکرێن بـــۆ ئەوەی ئامۆژگـــاری ئەو خێزانانە بکەن، کە کچی تەمەن ٤-٥ ساڵانەیان هەیە و مەترسی خەتەنەکردنیان لەسەرە.

**وەزارەتی ناوخۆ:**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان:**

گفتوگۆکان دەبێت بەم ئاراستەیە بێت:

١ -هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە دەربارەی یاسای خەتەنەکردن ئەنجام بدرێت و هۆتلاینی نوێ دابنرێت کە خەڵک بەبێ ئاشکراکردنی ناسنامەکانیان پەیوەندی بکەن و هەواڵ بدەن، سەبارەت بە هەر کەیسێکی خەتەنەکردنی مێینە لە هەرێمی کوردستاندا.

٢ -دەبێت هەموو هەواڵدانێکی خەتەنەکردنی مێینە لێکۆلینەوەی تێدا بکرێت، ئەگەرهاتوو کەسیش دەستگیرنەکرێت.

٣ -کۆنفرانسی رۆژنامەوانی مانگانە لەنێوان وەزارەت و ئەنجومەنی بالای کاروباری خانمان، ئەنجامبدرێت سەبارەت بە ژمارەی هەواڵدان لە هۆتلاینەکەو، ئەوانەشی کە لێکۆڵینەوەیان تێدا ئەنجامدراوە.

٤ -سەرجەم موختارەکان ئاگاداربکرێنەوە کە دوو مانگ جارێک کۆبوونەوە بکەن، لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندارەکان، وەک ئیمام وتاربێژو پۆلیس و مامان و ...هتد. بۆ ئەوەی باس لە رەهەندە جیاوازەکانی خەتەنەکردنی مێینە بکرێت و خەڵکی تێدا ئاگاداربکرێتەوە.

**وەزارەتی داد:**

گفتوگۆکان دەبێت بەم ئاراستەیە بێت:

١- دەبێ وەزارەتی داد کاربکات بۆ دادگاییکردنی چەند کەیسێکی خەتەنەکردنی مێینە و ئەنجامدانی چەند هەڵمەتێک دەربارەی دەرەنجامەکانی ئەو کەیسانە.

**وەزارەتی پەروەردە:**

گفتوگۆکان دەبێت بەو ئاراستەیە بێت:

١ -هەمــــوو بەڕێـــوەبەری قوتابخـــانە بنەڕەتیەکـــان و باخچەکـانی منـداڵان و دەبێـت کۆبـوونەوەی دایکـان و باوکـان دووجـار لە سـاڵێکدا ئەنجـام بـدەن و، بەهەنـدی وەربگرن بۆ باسکردنی خەتەنەکردنی مێینەو وەرگرتنی پەیمـان لە دایـک و بـاوکی قوتابییـانی پـۆلی یەکەمـی بنەڕەتـی و باخچەکـانی منـداڵان، بـۆ ئەوەی کچەکانیـان خەتەنە نەکەن.

٢ -هەمـوو ئەو دایـک و باوکـانەی کە کچیـان لە بـاخچەی منـداڵانە یـان پۆلی یەکەمـی بنەڕەتـی، دەبیـت وەزارەت نـامەیەکی تایبەتیـان بـۆ بنێرێـت لەزەرفێکـی داخـراو، بـۆ ئەوەی دایکـان و باوکـان واژووی لەسـەربکەن و پەیمـان بـدەن کە کچەکانیـان خەتەنە نەکەن. دەبێـت نـامە واژوو کراوەکە لەلایەن قوتابییەکە یان بەڕێوەبەری قوتابخـانەکە بگەڕێندرێتەوە بۆ وەزارەت.

٣ -هەموو بەڕێوەبەرەکانی قوتابخانە دەبێت دانیشتنی ٤٥ خوولەکی لەگەل قوتابیە دەرچووەکان و قوتابیانی پۆلەکانی کۆتایی قوتابخانە ئامادەییەکان ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی باسی زەرەرو زیانی خەتەنەکردن بکەن بۆیان وەکو دایک و باوکی داهاتوو.

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

گفتوگۆکان دەبێت بەم ئاراستەیە بێت:

١ -هەموو ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتیانەی کەسەر بە وەزارەتن دەبێت ئاگاداربکرێنەوە کە سەردانی ئەو خێزانانە بکەن کە کچی ٤-٥ساڵیان هەیە و ڕێنماییان بکەن بۆ خەتەنە نەکردنیان.

**وەزارەتی تەندروستی:**

گفتوگۆکان دەبێت بەم ئاراستەیە بێت:

١ -وەزارەت ئاگاداری هەموو نەخۆشخانەکان بکاتەوە کە ئەو ژنە دووگیانانەی، سەردانی نەخۆشخانەکان دەکەن دەبێت پەرستارەکان پەیمانیان لێوەرگرن کچەکانیان خەتەنە نەکەن. ژنە دووگیانەکان دەبێت کارتی بەڵێننامە واژوو بکەن کە تیایدا هاتووە: پەیمان دەدەم کچەکەی خۆم خەتەنە ناکەم (ئەوکات دیارییەک وەردەگرێت)

هەروەهــا دەزانــم زۆربەی زۆری دایکــان ئەم کــارە زیانبەخشە ناکەن.

٢ -هەروەهــا وەزارەت داوا لە نەخۆشــخانەکان بکــات بە دانــانی پەرســتارێک بــۆ ئەو دایکــانەی کە ســەردانیان دەکەن بـۆ کوتانـدنی منـداڵە تازەبووەکـان و ئاگاداریـان بــکەنەوەو پەیمانیــان لێــوەربگرن بە واژووکــردن کە کچەکانیــان خەتەنە نەکەن. بەهەمــان پرۆســە کــارتی پەیماندان واژوو بکەن.

٣ -هەمــان شــت بــۆ ئەو ســتافانەی، دەچــن بــۆ کوتــانی منداڵەکان لە باخچەکانی منداڵان.

٤ -وەزارەت کۆبـوونەوە بکـات لەگەڵ هەمـوو مامـانە ڕێـگە پێــدراو و نافەرمییەکــان، کە ئەگەر تێــوەبگلێن لە هەر کردارێکــی خەتەنەکــردن، ئەوا مۆڵەتەکەیــان، یــان ڕێگەپێـــــدانەکەیان لێـــــوەردەگیرێتەوەو ڕووبەڕووی دادگاییکردن دەبنەوە .

## بانگەشەی میدیایی

چالاکییە میدیاییەکان بریتین لە ئەنجامدانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی بۆ دەستپێکردنی (#کچەکەت_خەتەنە_مەکە) بە ئامادەبوونی سەرۆک وەزیران، یان ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی بالای کاروباری خانمان. دواتر سێ کۆنگرەی رۆژنامەنووسی ئەنجام بدرێت لەم ساڵەدا بۆ پیشاندانی لایەنە باشەکانی ئەم پرۆسەیە. کۆنگرە رۆژنامەنووسیەکانی تر باس لەهەر پێشوەچوونێک دەکات لە میانی ساڵەکەداو ئەو کۆمەڵگەو کەسانە دەستنیشان دەکات کە (#کچەکەت_خەتەنە_مەکە)، یان پەسەند کردووە. لەهەر کۆنگرەیەکدا دەبێت بڵاوکراوەی هەواڵی تێدا دابەش بکرێت یان وێنەو بەڵگەو نووسراو و دۆکۆمێنت دابەش بکرێت، کە خانەوادەکان بڵێن دڵخۆشین بە نەمانی خەتەنەکردنی کچان. ئەمانەش دەبێت لەلایەن نووسەر و رۆژنامەنووسان ئامادەبکرێن، کە بۆ ئەم مەبەستە گرێبەستیان لەگەڵ دەکرێت. دوای هەر کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی دەبێت یەک سەعات دانیشتنی پێدانی زانیاری ئەنجامبدرێت، لەلایەن شارەزایانەوە بۆ رۆژنامەنووسان.

کۆنگرەی رۆژنامەنووسی تر پێویستە هەبێت بۆ روونکردنەوەی ئەنجامی کۆبوونەوەکان لەگەل وەزارەتەکان بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونی بەخەڵک بدرێت سەبارەت بە کارە

ئەنجامدراوەکان و هانی خەڵکی بدریت بۆ سەردانیکردنی سۆشیال میدیاکان بۆ ئەم مەبەستە.

مانگانە وتاریکی رۆژنامەنووسی ٢٠٠٠ وشەیی دەنووسریت، دەربارەی (#کچەکەت_خەتەنە_مەکە) و بڵاودەکریتەوە بۆ میدیا ئەلیکترۆنی و چاپکراوەکان، کە بابەتی کلیلەکانی پەیوەندی لەخۆبگریت .

هەر ٣ مانگ جاریک بەرنامەیەکی گفتوگۆ ئامیزی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆن دەبیت بۆ ماوەی یەک کاتژمیر رۆژانە بۆ ماوەی یەک حەفتە کە پیشکەشکاریک و دوو میوان دەبن (کوڕ و کچیک) کە شارەزای (#کچەکەت_خەتەنە_مەکە) و توندو تیژی لەسەر بنەمای جەندەرین. دەکریت هەر ئەو بەرنامانەی ئیستا هەیە بەکاریان بهینین بەڵام بابەتەکە بکەیەنە (#کچەکەت_خەتەنە_مەکە).

ڤیدیۆیەکی ٨ خوولەکی ئامادەبکریت بۆ هەڵسوکەوتی ڕاست دەربارەی خەتەنەکردنی کچان و لەسەر بنەمای کلیلەکانی پەیوەندیکردن بیت. کە دەکریت بەکاربیت لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆن و کۆبوونەوەکانی نیو کۆمەڵگە.

هەروەها ئامادەکردنی ڕیکۆردیکی ١٠-١٥ چرکەیی بۆ ئەوەی بەکاربیت لە کات و شوینە جیاوازەکانی چالاکیەکانی پرۆژەکەدا.

بابەتەکانی (#کچەکەت_خەتەنە_مەکە) هەوڵبدرێت لەو کورتە درامایانەی کە لە بەرنامە رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی ئێستا پیشاندەدرێت ڕەنگ بداتەوە، لایەنی کەم چوار مانگ جارێک.

پەیجێکی نوێ بکرێتەوە سەبارەت بە بابەتەکانی (#کچەکەت_خەتەنە_مەکە) لە وێبسایتی ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان و لینکی تایبەتی هەبێت بۆ فەیسبووک و یوتیوبی ((#کچەکەت_خەتەنە_مەکە).

هەروەها ئەکاونتی (#کچەکەت_خەتەنە_مەکە) دەکرێتەوە بۆ پۆستکردنی پەیامەکانی (#کچەکەت_خەتەنە_مەکە). ئەم سایتانەی سۆشیال میدیا لە میانەی پریس کۆنفرانسەکاندا .ڕادەگەیەنرێت.

دەبێت پرۆژەی هاوبەش بۆ خەتەنەکردنی مێینە دروست بکرێت و پێک بێت لە نوێنەرانی چەند کۆمپانیایەک وەکو کۆمپانیاکانی پەیوەندی کردن و تەلەفۆن و بانک و سوپەرمارکێت و گواستنەوەو گەشتوگوزار و...هتد. ئەمانە داوەت دەکرێن بۆ ئەوەی پاڵپشتی بەشێک لەو پلانە بکەن وەک (دابینکردنی دیاری بۆ خۆبەخشان)، بەرامبەر بەمەش ئاماژە بە رۆلی ئەو کۆمپانیایە بکرێت و رۆلی بەشداریکردنیان بەرزبنرخێندرێت.

# ئامادەکاری کۆمەڵگەیی - سلێمانی و هەولێر

هەر دوو مانگ جارێک لەسەر ئاستی گوند لەلایەن موختار یان بەڕێوەبەری گوند کۆبوونەوەیەک بکرێت. موختاری گوند دەبێت بابەتی (#کچەکەت_خەتەنە_مەکە) لەنێو ئەجێندای کۆبوونەوە دابنێت، ١٥-٣٠ خوولەک گفتوگۆی لەبارەوە بکات و داوا لە خۆبەخشان) بالیۆزانی پاراستنی منداڵ بکات بۆ ئەوەی گفتوگۆکە بەڕێوەببەن. ئەم گفتوگۆیانە دەبێت جەخت بکەنەوە لەسەر گرنگی وازهێنان لە خەتەنەکردنی منداڵ و کلیلەکانی پەیوەندیکردن.

هەروەها ئاخۆ هیچ کێشەیەک هەیە کە سەرۆک خێزانەکان نەتوانن واز لە خەتەنەکردنی منداڵ بهێنن. دەبێت ڕوون بکاتەوە کە ئەوە زۆر شەرمە بۆ کۆمەڵگەیەک کە کارێکی نایاسایی ئەنجام بدات بەهۆی خەتەنەکردنی منداڵ. مامۆستایانی ئایینی دەبێت ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیەبن و داوایان لێ بکرێت کە لەدژی ئەم کارە قسە بکەن. ئەم کۆبوونەوانە دەبێت بە داواکاری کۆتاییان بێت بۆ ئەوەی بەشداربووان ئەم زانیاریانە بگەیەنن و دەست بەرز بکەنەوە ئەگەر پلانیان هەیە بۆ (#کچەکەت_خەتەنە_مەکە). هەروەها دەبێت لە کۆتایی کۆبوونەوەکە داوا لە خۆبەخشان بکرێت

بـــۆ ئەوەی یـــارمەتی یەکتربـــدەن بـــۆ ئەنجامـــدانی کـــاری پێویست.

هەر زانایەک و سەرکردەیەکی تری ئایینی دەبێت ٣ خولەک وتـار کە ئامـادەکراوە لەلایەن وەزارەتـی ئەوقـاف و کاروبـاری ئایینیەوە بخوێنێتەوە لە میانەی وتارەکانی هەینی، هەردوو مانگ جاریـک بەمەبەسـتی باسـکردنی (#کـچەکەت_خەتەنە_مەکە). وتارەکە داوا لە هەمـوو دایکـان باوکـان دەکـات کە گفتوگـۆی هەڵسـوکەتە دروسـتەکانی ئەو بـابەتە بکەن. وتـارەکە دەبێت جەخت بکاتەوە لەو ڕاستیەی کە خەتەنە کردارێکە پەیوەندی بە ئیسلامەوە نیە و سزای زیندان و پێبژاردنی بەدواوەیە .

هەر بەرێـــوەبەرێکی قوتابخـــانە بنەڕەتییەکـــان دەبێـــت ساڵانە دوو کۆبوونەوە لەگەڵ دایکان و باوکان سەبارەت بە بەرزکـردنەوەی وشـیاری دەربـارەی خەتەنەکردنـی مێینـە و هاندانی دایکان و باوکان بۆ دوورکەوتنەوە لە خەتەنەکردنـی مێینە، ئەنجام بدەن.

## ڕێکلامکردن

ئـێمە پـلان دادەنێـین بـۆ ئەنجامـدانی ٦ هەڵمەتـی سـێ حەفتەیی لە میانەی ئەم ساڵەدا کە پێک بێت لە سپۆتی ٦٠ چرکەیــی و ٣٠ چرکەیــی ڕادیــۆیی بــۆ ئەوەی ٦-١٠ جــار لێبدرێت بۆ ماوەی ٥ ڕۆژ لە هەفتەیەکدا بۆ هەر هەڵمەتێک. هەروەهـا سپۆتی تەلەفزیـۆنی (٣٠-٦٠ چرکەیی) بۆ مـاوەی ٢-٣ جــار پێــنج شـــەو لە هەفــتەیەک بــۆ هەر هەڵمەتێــک. هەروەهــا بڵاوکــردنەوەی نووســراو لە یەکەم هەفــتەی هەر هەڵمەتێکدا. بابەتەکانی ڕێکلامەکان دەبێت پەیامە گرنگەکانی ئەنجـامنەدانی خەتەنە لەخۆبگرێت وەک: خەتەنەکـردن زیـان بەخشـــە، خەتەنەکـــردن ئیســـلامی و یاســـایی نـــیە، ٩٠% خانەوادەکــانی هەرێمــی کوردســتان ئەو کــردارە قێــزەوەنە ئەنجـام نـادەن. هەروەهــا دەبێــت بڵاوکراوەکــان سوپاســی زۆریــنەی ڕەهــای دانیشــتوان بکــات بــۆ ئەنجــامنەدانی ئەم کردارە.

لەمیــانەی ئەم هەڵمەتــانەدا، تێکســت و پەیــامی ڕۆژانە دەربــارەی هەڵســوکەوتە پەســەندکراوەکان بنێردرێــت بــۆ بەکاربەران، بەلایەنی کەم ٣ جار لە ڕۆژێکدا، لە هەریەک لە پێـنج ڕۆژەکەی هەر سـێ هەفـتەکەی کە هەڵـمەتەکەی تێـدا ئەنجام دەدرێت .

+ توانای پەیوەندی نێو کەسی: باڵیۆزی شەرەفی منداڵ سەردانی ماڵان و قوتابخانەی منداڵ ، ستافی تەندروستی و توێژەری کۆمەڵایەتی و ئیمام – لە سلێمانی و هەولێر (ئەمە لەوانەیە گرینگترین بەشی پلانەکە بێت)

**یەکەم:** دروسـتکردنی تۆڕێـک بە ژمـارەی ٤٠٠٠ بـاڵیۆزی شـەرەفی منـداڵ بەشـێوەی دوانە (کوڕێـک و کچێک) بـۆ هەر گونـدێک لە پارێزگـای هەولێـر و سـلێمانی (چونکە هەروەکو باسکرا زۆربەی خەتەنە کردن لەو دوو پارێزگایەدایە). هەر جووتێک باڵیۆز دادەنرێت بۆ ١٠٠–٢٠٠ خێـزان بەمەبەسـتی سـەردانکردن بە هەمـاهەنگی لەگەل سەرپەرشـتیکارەکان کە دەستنیشـانکراون لەلایەن ئەو پـارتنەرەی کە کاردەکـات لەگەل ئەنجـوومەنی بـاڵای کاروبـاری خانمـان بەمەبەسـتی خەتەنەکردنـی مێیـنە. تیمـی بـاڵیۆزی هەرگونـدێک دەبێـت دیراسـەی خێزانەکـان بکـات لە گونـدەکەیان بە کەمپـی ئاوارەکانیشـەوە بـۆ دەستنیشـان کردنـی ئەو مـاڵانەی کە کچـی ٤ بـۆ ٥ سـاڵییان هەیە. باڵیۆزەکـان (دوای خـوولێکی کـورت) دەبێـت بە تیمـی دووانە سـەردانی ماڵەکـان بـکەن، کە هەر سـەردانێک ١٥–٣٠ خـوولەک بخایەنێـت. دەبێـت سەردانەکان هەر ٣ مانگ جارێک دووبارە ببێتەوە، بۆ

ئەو ماڵانەی کە گومانی خەتەنەکردنی منداڵی لێدەکرێت. بێجگە لەم سەردانانە دەبێت باڵیۆزەکان پەیوەندی بەردەوامیان هەبێت لەگەل ئەندامانی ئەم خێزانە بۆ وەرگرتنی زانیاری دەربارەی هەر هەوڵدانێکی خێزانەکە بۆ کچی خوار ٤-٥ ساڵ بەمەبەستی خەتەنە کردنی. لەم بارودۆخانە دەبێت باڵیۆزەکان گرینگی تایبەتی پێ بدەن .

باڵیۆزەکان مووچەیان پێنادرێت بەلکو پاداشت دەکرێن بەشێوازی جۆراوجۆر لەلایەن هەماهەنگی خاوەنکارەکانەوە .

**دووەم:** "پەیوەندی کەسی" کە دەکرێت بەرنامەیەکی قوتابخانەیی بێت کە لەوێوە هەموو ئەو قوتابیانە بەشداربن کە تەمەنیان لە نێوان ٤-٥ ساڵیە، واتە قوتابیانی باخچەی منداڵان و پۆلی یەکەمی بنەڕەتی لە هەولێر و سلێمانی. قوتابیەکان دەبن بە "کەسی پەیوەندیکەر" بۆ خانەوادەکەیان و ئاڵوگۆری زانیاری دەکەن لەگەل ماڵەوەیان و داوا لە دایک و باوکیان دەکەن کە پابەندی خۆیان نیشان بدەن بۆ دژایەتی کردنی خەتەنەکردنی کچان لە ڕێگەی واژووکردن لەسەر پەڕێک. وەزارەتی پەروەردە لە ڕێگەی نامەیەکی لێکتێگەیشتن داوا لە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان دەکات کە بەشداربن لەو پرۆگرامەو

زانیاری تەواویان پێ دەدات و دەبێت زانیاریەکانیش بگەیەنن بە مامۆستاکانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی و باخچەکانی منداڵان.

هەر قوتابیەکی قوتابخانەی بنەڕەتی و باخچەی منداڵان پەڕێکی زانیاری پێ دەدرێت کە لە هەردوولای نووسراوە دوو ڕەنگیە. زانیاریەکان دەربارەی پاراستنی منداڵ و مافی منداڵ بە پێی ڕێککەوتنامەی مافی منداڵ و دوورکەوتنەوە لە خەتەنەکردنی منداڵ لە کات و بەروارێکی دیاریکراودا (لەوانەیە لە دوایین رۆژی خوێندن بێت)، هەروەها کلیلەکانی پەیوەندی کردن لەخۆ بگرێت لەگەل هەلسوکەتی دروست دەربارەی (#کچەکەت_خەتەنە_مەکە). لە خـوارەوەش پەڕەیەک هەیە کە پێی دەگووترێت پەیمانی خەتەنە نەکردن.

پەیمانەکە بە سادەیی نووسراوە کە دایکان و باوکان پابەند دەبن هەڵسوکەتە پەسەندکراوەکان و بە ئەنجامنەدانی خەتەنە کردن. دایک یان باوک دەبێت پەیماننامەکە واژوو بکات و لەنێو زەرفەکە دایبنێتەوەو قەپاتی بکات و بیدات بە منداڵ دکەیی بۆ ئەوەی بیگێریتەوە بۆ مامۆستاکەی.

هەر بەڕێوەبەرێکی قوتابخانە هەموو پەیماننامەکان کۆدەکاتەوەو دەیدات بە سکرتێری گشتی ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان (لەڕێگەی ڕووماڵێکی میدیاییەوە)، ئاماژە

به پاڵپشتی خێزان و قوتابخانه دەکات بۆ دژایەتی کردنی خەتەنەکردنی منداڵ .

**سێیەم:** قوتابیانی ئامادەیی دەبن بە کەسی پەیوەندیکەر پەیامەکان دەگەیەنن بە خۆیان لە ڕێگەی گفتوگۆی نێو پۆلدا بۆ قوتابیە گەورەکان و دەرچووانی قوناغی ئامادەیی، دووبارە تەنها لە سلێمانی و هەولێر. وەزارەتی پەروەردە داوا لە هەموو قوتابخانەکان بکات کە دانیشتنێکی ٥٠ خوولەکی ڕێکبخات بۆ قوتابیانی ئامادەیی (بە گرووپی بچووکی ٧ ئەندامی) بە گشتی ٤ دانیشتن بۆ دیبەیت و گفتوگۆکردنی خەتەنە کردنی مێینە و یەکسانی جەندەری چونکە ئەوان دەبن بە دایک و باوکی داهاتوو. ئەمە ڕێگایەکی پێشنیارکراوە بۆ ئەوەی قوتابیان ئامادە بکرێت و گفتوگۆی ڕۆڵەکانیان بکرێت وەکو دایک و باوکی ئایندە و باسکردنی خەتەنەکردن و یەکسانی جەندەری.

**چوارەم:** گەیاندنی کەسی دەربارەی خەتەنە کردنی مێینە دەتوانرێت ڕووبدات لە دامەزراوە تەندروستیەکان لەمیانەی سەردان کردنی ژنە دووگیانەکان بۆ لای پەرستارەکان و یاخود لەکاتی کوتانی منداڵ دووبارە تەنها لە هەولێر و سلێمانی.

وەزارەتــی تەندروســتی ئامۆژگــاری هەمــوو دکتــۆر و پەرستارەکان بکات لە هەموو دامەزراوە تەندروستیەکان کە بــابەتی خەتەنە کردنــی مێیــنە بــاس بکرێــت لەگەل ژنــان لە میانی سـەردانی کـردن پێش و پاش لەدایک بوونی منداڵ . بەشێک لەم کارە بریتی دەبێت لە هاندانی دایکان بۆ واژوو کردنی کارتی پەیماننامەی دژە خەتەنە، هەموو ئەوانەش کە واژووی دەکەن رەمزێکی سوپاس و پێزانینی پێدەدرێت .

**پێنجەم:** ئیمامەکان سەردانی ئەو خـانەوادانە بکەن کە منداڵ ٤-٥ ســـاڵیان هەیە و مەترســـی خەتەنەی لەســـەرە دووبـارە لە هەولێـر و سـلێمانی. وەزارەتـی ئەوقـاف داوا لە هەمــوو ئیمامەکــان بکـات کە چـاوکراوە بــن لەکـۆمەڵگە ســەبارەت بە هەر هەواڵێـک کە خێزانێـک بیەوێـت خەتەنە کردنـی مێیـنە ئەنجـام بـدات. زانـای ئــاینی دەبێــت داوای لــێ بکرێــت کە ســەردانی ئەو خێــزانە بکــات و لە مەترســی کــارەکەی ئاگــاداری بکاتەوەو جەخت بکاتەوە کە ئەم کردارە زیانبەخشـەو پەیوەندی بە ئایینەوە نیە و نا یاساییە.

**شەشەم:** توێژەرانی کۆمەڵایەتی وەزارەتی کار و کاروباری کــۆمەڵایەتی دەبێــت پەیوەنــدیان هەبێــت لەگەل ئەو خێزانــانەی کە منـداڵ ی ٤-٥ ســاڵیان هەیە تەنهــا لە هەولێـر و سـلێمانی. دەبێـت ئەم خێزانــانە ســەردان

بکـرێن و لە مەترسـی خەتەنە کردنـی مێیـنە ئاگـادار بکرێنەوە جەخت بکاتەوە کە ئەم کردارە زیانبەخشـەو پەیوەندی بە ئایینەوە نییە و نا یاساییە.

## زیاتر کردنی خاڵەکانی خزمەتگوزاری ڕیکلامکردن

پۆسـتەری (#کـچەکەت_خەتەنە_مەکە) دەبێـت دیـزاین بکرێت و ٣٠٠٠٠٠ دانەی لێ چاپ بکرێت بە قەبارەی A2. پاشان هەڵبواسرێت لە شوێنە جۆراوجۆرەکان کە پیاو و ژن ڕووی تێـدەکەن بـۆ خزمەتگـوزاری وەکـو: بنکەکـانی تەندروسـتی، فەرمانگـە حکـومی، دوکانەکـان، قوتابخانەکـان، دەرمانخانەکان، سالۆن و سەرتاشخانەکان و بازاڕ.

## هەڵسەنگاندنی کاریگەریەکەی

کـاریگەری هەڵسـوکەوت دەکرێـت هەڵبسـەنگێنرێت بە دەستنیشـان کردنـی خـاڵی سـەرەتا لە سـاڵی ڕابـردوو لە ڕێـگەی وەرگرتنـی سـامپلێکی هەمەڕەکـی لە کـۆمەڵگە و وەرگرتنی سامپڵ لە خاڵی کۆتایی.

ڕووپێوی خاڵی کۆتایی بە وەرگرتنی هەندێک نموونەی هەرەمەکـی دوای سـاڵیک ئەنجامبـدرێت بـۆ زانینـی ڕێـژەی گۆرانکاری کردن لەم کردارە. چونکە پلانی کۆمبی بەردەوام دەبێـت بـۆ سـاڵەکانی دووەم و سـێیەم، دەکرێـت هەمـان ڕێککار دووبارە بکرێتەوە.

## بەڕێوەبردن

ئەم پلانە بەڕێوەدەبردرێت لە ڕێگەی تیمێکەوە پێ ی دەگووترێت گرووپی جێبەجێ کردن کە کارمەندانی وەزارەتە بەشدارەکانی حکومەت و ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان وUNFPA، UNICEF، WHO و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە کاردەکەن لەسەر پاراستنی منداڵ و نوێنەرانی میدیاو هاوبەشانی تر لەخۆدەگرێت. گرووپی جێبەجێ کردن بە سەرۆکایەتی وەزارەتی پەیوەنداری پرۆژەکە دەبێت.